## بەڕێوەبەری باجی دەرامەتی هەولێر :

# سەدا هەشتای پارێزەران، ئەستۆی خۆیان لە باجی دەرامەت پاک نەکردۆتەوە



**زانیار محمد قادر، یەکێکە لەو گەنجانەی کە چەند مانگێکە پۆستی بەڕێوەبەری باجی دەرامەتی هەولێری پێ سپێردراوە و وەکو خۆی دەڵێت " لە زۆربەی فەرمانبەرەکان بچووکترە لە رووی تەمەنەوە"، ئەو بەڕێوەبەرە، ئەوە رەت دەکاتەوە کە گەندەڵی لە فەرمانگەکەی هەبێت و بە یەکێک لەفەرمانگە پاکەکانی هەولێری دەناسێنێت و شانازی بەوەش دەکات کە رێزێکی زۆر لە پارێزەران دەگیرێت لە فەرمانگەکەی.**

**راوێژ: تێبینی دەکرێت، وەکو پێویست هاوکاری پارێزەران لە فەرمانگەکەتان ناکرێت؟**

زانیار محمد قادر: خۆی ئێمە لەسەر بنەمای هەردوو نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران و پارێزگای هەولێر، کە جەخت لەسەر رێز گرتن لە پارێزەران دەکاتەوە، مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین. حەز دەکەم ئێوە بە دیاریکراوی پرسیار بکەن و رێز نەگرتنەکە دیاری بکەن، بەپێچەوانەوە ئێمە ئەوپەڕی هاوکاری و ئاسانکاری بۆ پارێزەران دەکەین، بەڵام جاری وا روودەدات، پارێزەر هەیە کە مامەڵەیەک دێنێت و کەموکوڕی هەیە و دەیەوێت کارەکەی رایی ببێت، ئەوەش ناکرێت. ناوی ئەو پارێزەرانەم لایە. بڕوا بکەن پارێزەر هەیە کە مامەڵەی دێنێتە بەردەستم، جورئەت ناکەم کارەکەی جێبەجێ بکەم، ترسی ئەوەم هەیە، کە کەموکوڕیم بەسەر تێپەڕێنێت.

**راوێژ: دەکرێت بڵێین پارێزەران بەشێوەیەکی گشتی، هاوکاری فەرمانگەکەتانن؟**

زانیار محمد قادر: بەشێوەیەکی گشتی پارێزەران زۆر هاوکاری فەرمانگەکەمان، زانیارییەکی تەواویان لەسەر بەڕێوەچوونی کارەکان، ژوورەکان هەیە و لە فەرمانبەرەکان شارەزاترن. تاک تاک هەیە دەرچووی تازەن و ئەو شارەزاییەیان نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش هەندێکیش هەن، کە گفتوگۆی چەوتمان لەگەڵ دەکەن و بەڵگەی وامان دەداتە دەست، کە بەخۆشی نازانێت ئەو قەرەباڵغییە بۆ دروست دەکات؟

**راوێژ: خەمڵاندنتەکان جیاوازی هەیە؟**

زانیار محمد قادر: ئێمە دوو خەمڵاندنمان هەیە، زەوی و زار و بینا، لەگەڵ کۆمپانیا. ئەوەی تایبەت بێت بە خەمڵاندنی بەهای زەوی زار بۆ وەگرتنی باج، ئێمە لیژنەیەکمان هەیە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی خانوبەرە، ئەو لیژنەیە خەمڵاندنی خۆی هەیە، کە هیچ جارێک سەدی بەهای زەوییەکە ناخەمڵێنێت، ئەمە جگە لەوەی بڕیارێک دەرچووە، کە ئەگەر زەوی یا باڵاخانەیەک ئەگەر خەمڵاندنەکەی لە ٥٠ ملیۆن کەمتر بێت، ئەوا باج نایگرێتەوە.

ئەوەی تایبەتیشە بە کۆمپانیاکان، بەشی کۆمپانیای بەڕێوەبەرایەتییەکەمان، باشترین بەشی گشت بەڕێوەبەرایەتییەکانی باجە، چونکە کۆمەڵێک فەرمانبەری شارەزای لێهاتووی لێ

هەیە. کارەکانیان زۆر بە ڕێکوپێکی ئەنجام دەدەن، بەجۆرێک کە تاکو ئێستا هیچ گلەییەکیان نەهاتۆتە سەر، لە رووی یاساییەوە. هەرچی خەملاندنی تایبەت بە کۆمپانیاکانە، ئەو کۆمپانیانە بودجەی ناڕاستمان پێشکێش دەکەن، بڕێکی زۆر کەم دەنووسن، بۆیە لەکاتی ئەوەی کە خەملاندنەکە هەڵدەسەنگێنین، رووبەڕووی گلەیی دەبینەوە.

**راوێژ: ئەی پارێزەرەکان رایان چییە لەسەر خەملاندنی کۆمپانیاکان؟**

زانیار محمد قادر: پارێزەرەکان بەرگری لە کۆمپانیاکان دەکەن، بۆ ئەوەی وای نیشانی خاوەنی کۆمپانیاکە بدەن، کە ئەوان نەبن، کۆمپانیاکە پێویستە باجی زیاتر بدات، هەرچەندە چ پارێزەر بێت یا خاوەنی کۆمپانیاکە، ئەوا باجەکە هەروەک خۆیەتی.

دەبێت ئاماژە بەوەش بکەم کە لە ساڵی ٢٠٠٨ زۆر یارمەتی کۆمپانیاکان دراوە، لە خەملاندنی بەهای دانی باج، ئەمەش لە سۆنگەی هاندانی کۆمپانیاکان بۆ پرۆسەی وەبەرهێنان و ئاوەدانکردنەوە. پێشتر ١.٦ باجمان لێ وەردەگرتن، بەڵام ئێستا بڕی باجەکە بۆتە ٠.٧٥ .

**راوێژ: سەبارەت بە پرسی گەندەڵی و گلەیی لێکردنتان لەو رووەوە چی دبێژن؟**

زانیار محمد قادر: ئێمە کە ئەو پرسەمان رووبەڕوو دەکرێتەوە، حەز دەکەین پێمان بگوترێت فلانە فەرمانبەر یا فیسارە ژوور گەندەڵی تێدایە، ئەگەر ئەوکات ئیجرائاتمان نەکرد، ئینجا گلەییمان لێ بکەن. خۆی گەندەڵی کاتێک دەکرێت کە چاودێری نەبێت، من لەو رووەوە بە تەواوی چاودێری فەرمانگە و فەرمانبەرەکان دەکەم، کە گەندەڵی نەکەن، هەرچەندە پێشتریش گەندەڵی نەبووە، بەڵام چی بکەین، ناوی زەریبە وەها رۆیشتووە، کە ئەوەیان پاشماوەی کاری رژێمی پێشووە (بەعس)، کە فەرمانبەر بەهۆی باری قورسی ژیان و کەمی دەرامەت جاری وا هەبووە دەستی بۆ وەرگرتنی بەرتیل بردووە.

بۆیە لە رووی پاکییەوە، من تەحەددا دەکەم، تەنانەت بۆ بەڕێوەبەری پێش خۆشم، کە گەندەڵی لە فەرمانگەکەمان هەبووبێت، من هاتوومەتە سەر فەرمانگەیەکی پاک، ئەگەر هەر حاڵەتێک هەیە، داوا لە پارێزەرەکان دەکەم، کە ئاگادارم بکەنەوە بۆ ئەوەی چارەسەری بۆ بکەین.

**راوێژ: ئەی ئەو گیروگرفتانە چین، کە رووبەڕووبەڕووتان دەبنەوە؟**

زانیار محمد قادر: لەیەک تێنەگەیشتن، لەگەڵ ئەو هاوڵاتی و پارێزەرانەی کە سەردانمان دەکەن، تا ئێستا هاوڵاتی ئەو وشیارییەی نییە، کە پێویستە لەسەری ساڵانە ئەستۆی خۆی پاک بکاتەوە، لە دانەوەی باج. بەتایبەتی پارێزەران کە دەتوانم بڵێم سەدا هەشتایان ئەستۆی خۆیان لە دانی باج پاک نەکردۆتەوە، کە پێویستە لەسەریان پاکی بکەنەوە.

بۆیە لە رێگای ئەو گۆڤارەوە، داوا لە پارێزەران دەکەم، ئەوانەی کە ئەستۆی خۆیان پاک نەکردۆتەوە، سەردانی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان بکەن و ئەو ئەرکەی لەسەریانە جێبەجێی بکەن، بۆ ئەوەی هەر کارێکی لای ئێمە هەبوو، بۆیان رایی بکەین.

**راوێژ: دەڵێن جەنابتان زۆر لە ژوورەکەی خۆت دانانیشی؟**

زانیار محمد قادر: راستە وایە، بەڵام خۆ کاری من تەنیا واژۆ کردن نییە. کە لە ژوورەکەی خۆشم نەبم، ئەوا بەدڵنیاییەوە لە یەکێک لە ژوورەکانی فەرمانبەرەکانم، ئەوەشیان وەکو چاودێرێک بۆ باشتر بەڕێوەچوونی کارەکان و وەستان لەسەر کێشە و گرفتەکانی کە رووبەڕووی فەرمانبەران و موراجیعەکان دەبنەوە.

**راوێژ: دوا وتەت؟**

زانیار محمد قادر: حەز دەکەم لە میحرابی راوێژەوە، داوا لە پارێزەرەکان بکەم، کە ئەوپەڕی سینگفراوانی لە کارەکانیان بەکاربێنن و باجەکانی خۆیان لە سنگ ببەستن، ئاخر زۆرجار هەیە، پیرەژنەک یا پیرەمێردێک دەمێک لە نۆرە دەوەستێ، پارێزەرێک بەبێ باج بە پێشیان دەکەوێت، هەڵوێستی ئێمەش ناخۆش دەکات. پارێزەرەکان (مەبەستم هەموویان نییە) با رێز لە یەکتری بگرن و زیادکردن و کەمکردن لەسەر یەک نەکەن، جاری وا هەبووە پارێزەر، بریکارنامەی بە ٢٠٠ هەزار گرتووە، پارێزەرێکی هاوەڵی لەسەری کەم کردۆتەوە و بە ١٥٠ هەزاری کردووە.

پارێزەرایەتی پیشەیەکی پیرۆزە، پێویستە پارێزەرەکان تای تەرازووی راگرن.